هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تیهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی سلێمانی

ژمارەی داوا: ٧٠٠/ ب /٢٠١٦
ڕێکەوت: ٢٨/ ١٢/ ٢٠١٦

دادگای بەرایی سلێمانی/ لە بەرواری٢٠١٦/١٢/٢٨) پێکهات لە دادوەربەڕێز(کە ڕێی پێدراوە بەناوی گەلەوە ئەم بڕیارەی لای خوارەوە بدات:

داواکار: أ.ر.ص میراتگرمکانی ژنەکەی(أ.س.م .) ب:
و هەریەک لەکورمکانی(د .د . ع .س . ٥)
و کچەکانی هەریەک لە(و , ث , ن , ن)

داوالێکراو: س , ع , ٥

بڕیار:

داواکار لەڕێگەی بریکارمکەیەوە بانگەشەی کرد ومک لە تیانووسی داواکەدا هاتووە کە داوالێکراو بەپێی گرێبەستێک لە ساڵی ١٩٩٤ نزیکەی (٥٠) دونم زەوی لە کەرتی ٤١/بلخوان لە گوندی بلخوان /ماوەت لە قەزای شار باژێڕێ فرۆشتووە بەبری(٨١٠٠٠) هەشتاو یەک هەزار دیناری سویسری ئەو کاتە وئاشکرایە لەبەر ئەوەی مولکەکەی تومار نەکردووە بە ناوی یەوە لە بەرێوبەرێتی تومارکردنی خانووبەرە گرێبەستەکە بە پووچەڵ دادەنرێت، بۆیە داوای کرد داوالێکراو بانگهێشت بکرێت بۆ دادبینی و بڕیاربدرێت بە گێرانەوەی باردۆخی هەردوولایانی گرێبەستەکە بۆ بۆپێش ئەنجامدانی گرێبەستەکەو پابەندکردنی داوالیکراو بە گێرانەوەی بری(٨١٠٠٠) هەشتاو یەک هەزار دیناری سویسری ئەو کاتە کە دەکاتە بری(١٢١٥٠٠٠٠)دوانزە ملیۆن و سەدو پەنجا هەزار دیناری چاپی نوێ،لەئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکراوبریکاری داواکار ڕایگەیاند کە بڕیگرتەی کۆچی دوایی کردووە ودابەش نامەی شرعی تابەت بە کۆچکردوو( ) خستەڕووبە ژمارە(٩٩١/قسام/٢٠١٦) دەرچوولە ٢٨-٨-٢٠١٦ لە دادگای باریکەسێتی سلیمانی کە لە بەروار ی ٩-٨-٢٠١٦کۆچی دوایی کردووە و میراتگرمکانی بریتین لە ژنەکەی و هەریەک لەکورمکانی و کچەکانی هەریەک لە پروین و نرمین) هەردوو پارێزەر لەبری میراتگرمکان ئامادەبوون بەپێی بریکارنامەکانیان، لە بەرتێروانین بۆ نووسراوی تیبینەرایەتی تومارکردنی خانووبەرەی شارباژێر ژمارە (٤٨٥) لە ٢٠١٦/١١/٧ کە کەرتی ٤١/بلخوان زیاتر لە (٧٠) پارچەیە و هیچ مولکێک لە کەرتی ناوبراو بە ناوی تومار نی یە لە سنووری فەرمانگەکەیان، دادگا داوالێکراوی ڕاسپارد بە وەلامدانەوە لە وەلامدا ووتی من سێ (٣) دونم لە کەرتی/٤١/ی بلخوان فرۆشت بە داواکار بە بڕی (٨١٠٠٠) هەشتاو یەک هەزار دیناری سویسری و پارەکەشم وەرگرتووە و من ئامادەم ئەو پارەیەی بۆ بگێڕمەوە ،بریکارانی داواکاران ووتیان داوالێکراو دانی نا بە داواکەو ڕووبەری

هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تیهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی سلێمانی

ژمارەی داوا: ٧٠٠/ ب /٢٠١٦
ڕێکەوت: ٢٨/ ١٢/٢٠١٦

زەویەکان لە بابەتی داواکە ناگۆڕێت، لەبەر ئەوەی دانپێدانان بەڵگەی بڕمرە لەسەر دانپێدانەر و دانپێدانەر پابەندە بە دانپێدانانەکەی مەگەر بە حوکمێك بە درۆ بخرێتەوە(٦٧و٦٨.سەلماندن)و لەبەرئەوەی گرێبەست لە دەرەوەی بەڕێوەبەرێتی تۆمارکردنی خانووبەرەی تایبەت نابەسترێت و لەبەر ئەوەی ئەگەر گرێبەست ئەو شێوەیەی وەرنەگرت کە یاسا سەپاندوویەتی ئەوا بە بەتاڵ دادەنرێت (م/١٣٧/٣.شارستانی) و لەبەر ئەوەی ئەگەر گرێبەست بەتاڵ بوو ئەوا لایەنەکانی دەگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو حاڵەتەی لە پێش گرێبەستەکە لەسەری بوون (م/١٣٨/٢.سەلماندن) و

لە بەر ئەوەی هەر یەک (١) دینار لە پارەی چاپی سویسری لەکاتی گۆرینی بۆ چاپی نوێ بەبری(١٥٠) سەد وپەنجا دینار هەژمار کرا، لە بەر هەموو ئەوانەی لە پێشەوە باسکران داوای داواکاران پاڵپشتی یاسایی هەیەولەسەر داوا دادگا بریاری دا بە پابەندکردنی داوالێکراو گەڕاندنەوەی بری(١٢١٥٠٠٠٠)دوانزە ملیۆن و سەدو پەنجا هەزار دیناری بۆ میراتگرەکانی داواکار هەریەک لە ژنەکەی وهەریەک لەکورەکانی و(کچەکانی هەریەک لە

بەسەریاندا دابەشدەکرێت بەپێی قسامی شرعی ژمارە(٩٩١/قسام/٢٠١٦) دەرچوولە ٢٨-٨-٢٠١٦ لە دادگای باریکەسێتی سلێمانی و خستنە ئەستۆی داوالێکراو بەخەرجی داواکە و خستنە ئەستۆی داوالێکراو بە ماندووبوونی پارێزەرایەتی میراتگرانی داواکارپارێزەران بەبری (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد وپەنجا هەزار دینار بەسەریاندا دابەش دەکرێت وەکو یەک.

ئەم حوکمەدە چوو بەئامادەیی بە مافی هەردوولا بەئامادەیی شایانی تیهەڵچوونەوە و پیاچوونەوەیە پاڵپشت بە مادەکانی(٢٢و ٦٧و٦٧)لە یاسای سەلماندن ومادەکانی (٣/١٣٧و٢/١٣٨) لەیاسای شارستانی و مادەی (٣٥) لەیاسای پارێزەرایەتی ومادەکانی(٥٥و ١٥٤و١٦١و١٦٦و١٨٥و٢٠٣) لەیاسای دادبینی شارستانی وتێگەیەنرا و بەئاشکرا ڕاگەیەنرا لە بەرواری ٢٠١٦/١٢/٢٨.